سەروتار



د. مستەفا زەنگنە

# گەنجانی کەرکووک و خەمە مت بووەکانیان

بڵاوبوونەوەی بیری کۆچکردن و بە جێ هێشتنی کوردستان کارەساتێکە دەبێ بە زووترین کات چارەسەری بۆ دابنرێ، لەم شارەو ناوچەکانی گەرمیاندا کام بەرپرس توانیی خودی گەنجان بکاتە پرۆژەی بونیادنانەوە؟!



گومـان لەوەدا نیـیـە کـە گـەنج لە هـەرکـوێ بێ ئـەوا وزە و توانا و چالاکی لـەو شـوێنەدا بوونی دەبێت، هەموو کەسێک ئەم راستییە دەزانێ، بەڵام کێن ئەوانەی زەمینە. بۆ ئەم توانا و خـاوەن بەهرانە خـۆش دەکـەن تاکـو گـۆڕان و داهێنـان بکەن؟! کـێن ئەوانەی هـەمـیـشـە بەشێک لە بیرکردنەوەکانیان تەرخانی خەمەکانی گەنجان کردووە!؟

کەرکووک لە شـارەکانی کەی کوردسـتـان بە دوورنییە، بەڵام تایبـەتمەندیی خـۆی هەیە، گەنجانی کـەرکووک و بگرە سـەرجەم گـەرمیان پێنج ساڵە لە مـەرگی ڕۆژانە ڕزگاریان بووە، لە کـاتێکدا نـاوچە ڕزگارکراوەکانی کوردسـتـان حـەڤدە سـاڵە لە چنگی مـەرگـەسـاتەکـانی دەسـەڵاتی بەعس ڕزگاری بووە بە پێی ئەم هاوتاکردنە دوازدە ساڵی تەمەنی بەعسکەرکردن و بە کوشتدانی گەنجانی کەرکووک و گەرمیان لە گەنجـانی ناوچەکانی کەی هـەرێم زیاترن. جگە لەوەش ئەم پێنج سـاڵەی ڕزگـاربوونی عێراقـەش لە کـەرکووک و گـەرمـیاندا مـەرگی لێ دوور نەخسـتـوونەتەوە، بەڵکو بە شێـوازێکی کە دەستی تیـرۆر کەوتە گیـانیان و هـەمیشـە کە لـە مـــاڵ دەردەچـن دڵنیـــانـین لەوەی دەگــــەڕێنـەوە. ئـەم ڕاڕاییـــە و درێـژەدان بە ئـازارە دەروونیـیـەکـانی گەنجـانی  کـەرکـووک هـەندە دێنێ کە بەرپرسـە حکوومی و حـیـزبـیـیـەکـان لەســـەری ڕاوەستن و بیـر لـەوە بکەنـەوە کـە چـارەســـەر بـۆ کـێـشــە دەروونـی و دارایی و کۆمـەڵایەتییەکانیان بدۆزنەوە، لە شـوێنێکی وەکو کەرکووکدا تاوەکو رووخـانی بەعس یەک کـۆمپـیـوتـەر و یەک سـەتەلایت لە کەرکووکدا نەبوو، هـەر کـەسێکیش بە دزییەوە هـەیـانیبـایە ئەوا بە زۆر لەسـەری ئەکـەوت، کـەواتە گـەنجـانی کـەرکووک لە کـەناڵەکـانـی پەیوەندیکردن و ڕاگـەیانـدنی جـیـهـانـیش دابڕا بوون، هەڤـوابوو لەگـەڵ نەمـانـی بەعـسـدا بیـری جـدی لە قەرەبووکردنەوەی تەمەنـی مەحروومییەتی گەنجـانی کەرکووک بکرایەتەوە، بەڵام لەوە دەچێ هـەم کـاربـەدەسـتـانـی حکومـەت و حـیـزبیش هەندەی سـەرقـاڵی کـاری مـەکـتـەبـین، هـەندە سـەرقاڵی خـەمـەکانی ئەم توێژە نـین، کەبێ کاری و دەسکورتی بۆتە بەشـێک لە سـیـمـایان و ژیانیـانی لـە خـۆ پێچـاوە. کردنەوەی چەند یاریگایەک کە بە پەنجـەی دەست دەژمـێردرێن، ناتوانن ژمـارەی برینـەکانـی دەروونی گـەنجانی کـەرکووک چارەسـەر بکەن. بەشـێکی زۆری ئەم گـەنجـانە لەبەر بژێوی وازیان لە ڤـوتابـخـانـە، بگرە کـۆلـێـجـیـش هێناوە و ڕۆژانـە لە مەیدانەکاندا چاوەڕێن کە وەستایە ناشی بیانبـاو کرێکارییان پێ بکات، بەشێکی کەشـیان کۆلێژ و پەیمانگایان تەواو کردووەو چاوەڕێی مـەرحـەمەتی دامـەزراندنن ئەو دامـەزراندنەی تەنها بە نانەزگی دەژمـێردرێ و هـەتا هـەتایە ناتوانێ وا بکات دوو عـانە پێکەوەنێن و بتوانن ژیانـی هـاوســـەری پێکەوەنێن، گـەنجــانی کـەرکـووک وەکـو خــودی پرسـی کـەرکـووک

پەراوێزکراون و کارێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە هەست بە گەنجێتی خۆیان بکەن، بەم پەراوێزکردنەی دەسەڵاتی حکومی و حیزبی گەنجەکان بە زۆر پیرکراون، کاتێک دەبینن هەندێک لە ماوەی پێنج ساڵدا دەستی گەیشتە هەور و پڕۆژە و سەرچاوەکانی پارەیان قۆرغ کرد و تەنها و تەنها تێکەڵ بە کۆکردنەوەی پارەو زەوی وزار و مۆڵک بوونەو تاکە شتێک تێکەڵی نەبن جەماوەری ستەم دیدە و رەش ورووتەکەیە کاتێک گەنجانی کەرکووک تای تەرازووەکان بەم شێوەیە دەبینن هەندەی دی نا ئومێد دەبن و خۆزگە و خەون بە وەوە دەبینن کە چەند گەلایەک پێکەوە بنێن و بۆ هەندەران تێی تەقێنن. نە خوێندنەوی گەنجانی کەرکووک گەشتۆتە ئاستێک کەجێی مەترسییە و ئەم مەترسییەش ئەتەقێتەوە بۆ ناو خێزانەکانیان، بلاوبوونەوەی بیری کۆچکردن و بە جێ هێشتنی کوردستان کارەساتێکە دەبێ بە زووترین کات چارەسەری بۆ دابنرێ، لەم شارەو ناوچەکانی گەرمیاندا کام بەرپرس توانیی خودی گەنجان بکاتە پرۆژەی بونیادنانەوە!؟

چەند پرۆژەی نیشتەجێکردن و دەستگیریکردنی پیشەیی بۆ گەنجانی کەکووک جێبەجێ کران؟ چەند رێکخراوی مەدەنی کاراى خۆیی لەم بوارەدا وەگرخست و قەرزی درێژخایەن و کورت خایانی بۆ گەنجان دابین کرد تابتوانن روو لە کاسبی بکەن و چیی دی کلکی مەعاشێکی بێ نموود نەگرن و روو بکەنە بازاری ئازاد؟!

کوان ئەو بەرپرسانەی کۆنگرەیەکیان بۆ گەنجان و خەمەکانی گەنجان سازداو چارەسەرەکانیان ئاراستەی دەسەلات کرد..؟ گەنجانی کەرکووک و گەرمیان وا لێ کراون بە زۆر لە باوەشی نیشتمان و ئینتیما دایان ببرن، ئەمەش گوناهێکی گەورەیە و دژ بە کوردستانییەتی کەرکووک دەکرێت، کەرکووکێک گەنجەکانی پەراوێز بکرێ دەبێ چ کەرکووکێک بێ ئازادییەک گەنجەکانی کەرکووکی تیا نەبوون و بریندار بێ دەبێ ئەوە چ ئازادییەک بێ؟! لەم ساتەوەختەدا کاتی ئەوە هاتووە گەنجان خۆیان مشووری خۆیان بخۆن و بینەمایەی هێزێکی گەورە تابتوانن گۆرانکاری بکەن. ئەگینا لەوە دەچێ بەرپرسانی حکومی و حیزبی نەپەرژێنە سەر خەمەکانی ئەوان ئەو خەمانەی تەنها مت کراون و کراونەتە ژێر لێوەوە.